**6ی ئاداری 2025**

**کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان**

**کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور ئامادەن هەناردەی نەوت دەستپێبکەنەوە و چاوەڕێی ڕێککەوتنی نوێن**

نوێنەرانی کۆمپانیاکانی ئەندامی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان 6ی ئادار بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور مەرجەکانیان بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت گەیاند. بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی پێویستی بە کۆبوونەوەی زیاترە.
کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور دووپاتیدەکەنەوە، هەرکاتێک ئەو مەرجانەی لە تشرینی دووەمی 2023وە چەندین جارە داوای دەکەن، جێبەجێکران، ئامادەن دەستبەجێ هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا دەستپێبکەنەوە. مەرجەکەش ئەوەیە، هاوشێوەی بەرهەمهێنەرانی نەوت لە عێراقی فیدراڵ، مامەڵە لەگەڵ وەبەرهێنەرانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بکرێت. ڕێککەوتنی دادپەروەرانە و شەفاف پێویستن، ئەوانیش بریتین لە گەرەنتی پارەدان، جێبەجێکردنی شەفافانەی مەرجەکانی یاسای بودجەی عێراق و پێدانی ئەو پارەیەی ماوە. مەرجەکانیش ئەمانەن:

- **دڵنیاییدان لە پێدانی پارەی رابردوو و داهاتووی هەناردەی نەوت.** کۆمپانیاکان پێویستیان بە ڕێککەوتنێکی فەرمی فرۆشتن/دەرهێنان هەیە لەگەڵ کڕیارانی نەوتی هەناردەکراو. دانانی مەرج و ڕێسا و پێدانی دڵنیایی لەوەی کۆمپانیاکان بەتەواوی پارەکانیان وەردەگرن – تەنانەت ئەگەر بە دوو بەشیش بێت. هەروەها، پێویستە ڕێککەوتنێک هەبێت، بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان پارەی گواستنەوەی نەوت وەرگرن، بێجگە لە پارەی گواستنەوەی نەوت لە نێوان ئۆکتۆبەری 2022 و ئاداری 2023. ئەم پارەدانەش دەبێت راستەوخۆ و شەفاف بێت، بەبێ نێوەندگیر و دواکەوتن.
- **پاراستنی گرێبەستە هاوبەشەکانی بەرهەمهێنان، مەرجە بازرگانییەکان و ئابووری:** ئەو گرێبەستی کۆمپانیایانەی ماون کاریگەرن و کاریان پێدەکرێت. پێویستە ڕێز لە مۆدێلی ئابووریی گرێبەستە هاوبەشەکانی بەرهەمهێنان بگیردرێت. مەودای کارکردنی راوێژکاری تەکنیکی سەربەخۆ، کە هەمواری یاسای بودجەی داوای دەکات، پێویستە لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت و سنووردار بێت و پشتڕاستبکاتەوە، لیستی فرۆشی نەوتی کۆمپانیاکان بەپێی گرێبەستی هاوبەشی

بەرهەمهێنان ئامادەکراوە، پێویستە برگەیەکی فەرمی ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی پشتڕاستکردنەوەدا هەبێت. کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور پێشنیازیان کردووە کۆمپانیا نێودەوڵەتییە سەربەخۆکان راوێژ بە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن.

مایلز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان رایگەیاند، "کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور ئامادەن لەگەڵ هەموو هاوبەشەکان کۆببنەوە و تەواوی ئەو ڕێککەوتنانەی پێویستن بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت، بگەیێننە ئەنجام، ئێمە سوپاسی پێداگریی سەرۆکوەزیران سودانی و حکومەتی ئەمریکا دەکەین لەسەر هێشتنەوەی سەرنجی هەموو لایەنەکان بۆ دەستبەجێ هەناردەکردنەوەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا، بە مەبەستی بەهێزکردنی ئابووری عێراق."

**-کۆتایی-**

**دەربارەی ئەپیکور:**
ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەپیکور ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامەکانی سازدەکات بۆ هاوبەشپێکردنی زانیاریی پیشەسازیی گشتیی گونجاو و باشترین کار.

بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

بۆ پرسیاری میدیایی:
مایلز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk

Whatsapp: +1-254-371-5704

ئەپیکور لە سوشیاڵ میدیا ببینە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (X): @apikur_oil | LinkedIn:
https://www.linkedin.com/company/apikur